# کۆسپە مەعریفیەکانی
# بەردەم پێناسەکردنی سۆفیگەری‌و عرفان



**سەبوور عەبدولکەریم (شکار)**

**ئەم نووسینە پێشکەشە بە گیانی پاکی هاوڕێی هەمیشەیم (ئەکرەم عەنەبی).**

گەر مرۆڤ وەك سروشتی کەینونەیی‌و خولیای خۆی تامەزرۆو وێڵی گەیشتن بە(رەهایی)و (بێ سنوری)و (جوانترین جوان)و (پاکترین پاك)و (نەمری‌و بێ کۆتایی)و (بەختەوەری رەها) بێت، لەو پێناوەشدا ئاگایانەو بێ ئاگایانە لە ژیان‌و دەوروبەری (مادی‌و مەعنەوی) خۆیدا هەوڵی بەدەستهێنانی ئەوە بدات، ئەوا بێگومان زۆرجار هەر خودی ئەوانە (کەرەستە مادی‌و مەعنەویەکان)[1] کە مرۆڤ بەکەرەستەیەکیان دادەنێت بۆ گەیشتن بەو خولیاو تامەزرۆییانەی کە بەشێکی کەمی بەڕاستەقینە وایەو بەشەکەی تری بەگێڕانی ئەرکی دژبوون (تضاد)، کە مەبەست لەئەرکی دژبوون ئەو غەریزەو هێزو کەرەستە مەعنەوی‌و مادیانەیە، کە دژی ئەو خولیاو تامەزرۆییە بالاّیانە دەبنەوە، کە ئەمانە رێگری لێ دەکەن، بەلاّم هەر خودی ئەم رێگری‌و

کێشمەکێشمە تاکە ڕێگایە بۆ گەورەبوونو بڵندبوونەوەی خولیاکانو هاوکات بەرهەمهێنانی مەعریفەیەکی قوڵ بەژیانو دەوروبەر (کە ئایین لە ناویشیدا سۆفیگەریو عیرفانیش جەوهەریترینیانە)، بەڵام وەك وتمان ئەو ڕێگریو کێشمەکێشمە، لەلایەك هەوڵدەدات ببێتە پەردە لەبەردەم ناسینی (چۆنایەتیو حەقیقەتی ئەو خولیاو هەستە قوڵانەو نەتوانین بەئاسانی پێناسەیان بۆ بکەین، بۆیە پێناسەی سۆفیگەریو عیرفان هەر لە بازنەی دەرەوەدا زەحمەت دەکات، لەئاستی ناوەوەشدا ئەگەر دەرکیش بەهەندێ چۆنیەتیو حەقیقەتی بکەین، بەهۆی تامەزرۆیی قوڵو تینوێتی بەگڕی ڕۆحیمان بۆی، یەکسەر ڕۆحمان لە ئامێزی دەگرێتو ئاوێتەی دەبێتو بەمەش هێندەی حاڵەکە دەبێتە حاڵی لەگەڵدا ژیان، نابێتە حاڵی زمانو دەربڕین، ئەگەر دەریشببڕدرێت بەناتەواویو بەپارچە پارچە یان بەهێما (رمز) دەبێت.

بۆیە سۆفیو عارفەکان زۆر جار بەهێما دەدوێن، ئەمەش دوبارە کاری پێناسەکردنی سۆفیگەریو عیرفان زەحمەت دەکات، پێناسە لە حاڵی لەئامێزگرتنو ئاوێتەبووندا چۆن دەکرێ، لە حاڵێکدا کە ماهیەتی تۆو ماهیەتی ئەو تێکەڵ بووە.

کاتێك مرۆڤ بەدوای پێناسەی شتێکدا دەگەڕێت و دەتوانێ هەوڵی پێناسەکردنی بدات، کە هەست بەجیایی (تماین)ی ئەو لە خودی بکات، ئەگەر هەست بکات هەندێ جار ئەو خودی ئەمەو هەندێ جار ئەم خودی ئەوە، ئەوکات چۆن پێناسەی دەکات؟ هەر ئەمەش بەشێوەیەکی تر لە وتەکەی سۆفیگەریناسی گەورە سراجی توسیو لەباسی زانستی ناواخنخوازی (علم المستبطنات)دا ئاماژەی پێ کردووە، کە سۆفیگەریو عرفان هێندەی بایەخی بەپەروەردەکردنە، هێندە بایەخ بەزانستی رووت نادات، بۆیە ئەمەش کاری پێناسەکردنی زەحمەت دەکات، هەروەك لەوێشدا دەرمانخست زانست بەگشتی پێشەکیو ڕەوشو ئەنجامی هەیە، بۆیە چیرۆکی ژیانە، بەڵام سۆفیگەریو عیرفان ژیان خۆیەتی بەهەموو ڕەهەندەکانیەوە، کە عەقڵو زانست بەشێکیەتی، کەواتە چیرۆکی ژیان نیە، بەڵکو ژیانە لەگەڵ حەقیقەتە گەورەکاندا، نەك گێڕانەوەی حەقیقەتە گەورەکان، ئەمەش دووبارە پێناسەی سۆفیگەرێتی زەحمەت دەکات، چونکە سۆفیگەرێتی چیرۆکی ژیان نییە، بەڵکو ژیان خۆیەتیو پێناسەکردنی ژیانیش یەکێکە لە ئەستەمترین پێناسەکان. کەواتە پێناسەی سۆفیگەرێتی چ لە دەرەوەی خۆی (ئەوانەی تیایدا نەژیاونو کۆسپو لەمپەڕی هەمەجۆر لە نێوان ئەوانو ئەزموونەکەیدا هەیە)، چ لە ناوەوەی خۆشیدا (کە کەسی ئەزموندار خودی لەگەڵ ئەزمونەکەدا ئاوێتە دەبێت) دوبارە زەحمەت دەبێت، بۆیە لێرەشەوە وادەزانین هەموو هەوڵێك بۆ ناسینی چۆنیەتی سۆفیگەرێتی لە ڕێگەی سۆراخکردنو زانینی بنەچەی (وشەکە) یان سەرەتای دەرکەوتنی لە ناوبەند–سیاق–ی مێژووییدا ناتوانێت ببێتە سەرچاوەو هۆکارێکی زانستی بۆ ناسینی چۆنیەتیو سروشتی سۆفیگەرێتی، چونکە جگە لەو هۆکارانەی کە ئێستا باسمانکردو دواجار نیشانماندا سۆفیگەرێتی ژیانە نەك چیرۆك یان راستتر چیرۆکی ژیان، هاوکات سروشتی واتاکانی وەك زیندویەتی ژیان زیندوونو گۆڕاون نەك نەگۆڕو لە نێو هەموو جۆرە یەك واتایەکدا قەتیسو بەند ناکرێت، بەڵام دواجار ناکرێت ئەم هەستو خولیا قوڵەی ناو ناخی ئێمەی مرۆڤ، ئەم بەشە گرنگەی جەوهەری مرۆڤانەمان، کە ناوبەناو وەك حاڵەت رامان دەچەنێتو وەك دیاردە لە ژیانی دەوروبەری مرۆڤدا بەدرێژایی مێژوو لە نێو کلتورو ئاینەکاندا بەدیاری دەبینرێت، پشتگوێ بخرێتو بەبێ دەنگی بسپێردرێتو لە چوارچێوەی زانستو توێژینەوەی زانستیدا ئەم بابەتە هەمیشە زیندووە باس نەکرێت. دروستترین ڕێگاو نزیکترین ڕێگاش بۆ ئەم کارەش، وا دەزانین تەنها بەتوێژینەوەی سۆفیگەری لە ناوەوەی خۆیداو راستتر لای ئەزمونگەرەکانی (سۆفیەکان) دەبێت، چونکە دواجار جگە لە نوسینو وتەو ڕەفتاری ئەوان کەرەستەو ڕێگایەکی تر بۆ ناسینی چییەتی سۆفیگەرێتیو عیرفان نییە.

وا دەزانم دەتوانین بانگەشەی ئەوە بکەین کە کۆمەڵێك گرفت بوونیان هەیە لە ناو چەمکەکانی سۆفیگەریدا، کە دەبنە کۆسپ لەبەردەم پێناسەکردنی چییەتی سۆفیگەریی و عیرفاندا، کە دیارترینیان ئەمانەن:

**یەکەم: تێکەڵی لە نێوان سۆفیگەرێتی وەك چییەتیی و سۆفی وەك کەسێتی:.**

لە زۆربەی زۆری، گەر نەڵێم سەرجەم، وتەو نووسینی سۆفیی و عارفەکانو سۆفیگەریناسە کۆنەکانو توێژەرە نوێیەکانیشدا تێکەڵییەکی ئاشکرا لە نێوان سۆفیگەرێتی وەك چۆنیەتیی و سۆفی وەك کەسێتی دەبینرێت و هیچ هەوڵێك -لانی کەم وەك من ئاگادارم- بۆ جیاکردنەوەی ئەم تێکەڵییە نەدراوە، ئەگەرچی زۆر هەوڵدان لە سەر جیاکردنەوەی ئەم دوانەشو گەر هۆشیار نەبین -بەدیوێکی نازانستی تردا دەمانخات-، بەلاّم نکوڵی لەوەش ناکرێت، کە ئەمە کۆسپێکی نازانستییە، یان لانی کەم هەست پێ نەکردنی دەکرێت ببێتە هۆکارێك بۆ نەتوانینی نزیکبوونەوە لە حەقیقەتی چییەتی سۆفیگەرێتی. بۆ بەڵگەش چەند نمونەیەك دەهێنینەوە، کە لەسەرچاوە کۆنو نوێیەکانداو لە خانەی پێناسەی سۆفیگەرێتیدا هاتوون، کە هەر خودی ئەم وتانەش لە خۆیدا نزیکمان دەکاتەوە لە پێناسەی سۆفیگەرێتی:.

-لەبارەی سۆفیگەرێتییەوە لە جونەیدی بەغدادیان پرسی، وتی: سۆفیگەرێتی ئەوەیە، کە بێ پەیوەست بوون بە هیچ شتێکەوە لەگەڵ خوادا بیت[2].

-هەر ئەو (جونەید) دەڵێت: سۆفی وەك زەوی وایە، کە هەرچی ناشیرینیی و پیسی هەیە بەسەریدا رەت دەبێت، بەلاّم جگە لەجوانی هیچی تر لەسەری نارۆیت. هەروەها دەڵێت: سۆفی وەك زەوییە کە پاكو ناپاك بەسەریدا هەنگاو دەنێن و وەك هەورە، کە سێبەری بۆ هەموو شتێکەو وەك دڵۆپەی ئاوە، کە هەموو شتێك تێراو دەکات.[3]

شبلی دەڵێت: سۆفیگەرێتی خۆپاراستنە لە بینینی شتە مادیەکانی ژیان.

یان هەر ئەو دەڵێت: سۆفی ئەوەیە، کە لە خەڵك براوەو بەخواوە پەیوەستەو بەوتەی خوای گەورە (واصطنعتك لنفسی[4] -تۆم تەنها بۆ خۆم دروست کردویت)، ئەو (مەبەستی سۆفییە) لە هەموو بێگانەیەك (مەبەست جگە لە خوایە) دابڕاوە.

سەحنون دەڵێت: سۆفیگەری ئەوەیە، کە خاوەنی هیچ شتێك نەبیت و هیچ شتێك نەتوانێت بتکاتە خاوەنی.

سوفیانی سەوری دەڵێت: سیفەتی سۆفی ئارامگرتنە لە سەر نەبوونیی و بەخشینە لە هەبووونیدا.

سەهلی کوڕی عەبدوڵلاّی تەسەتوری -مامۆستای حەلاج- دەڵێت: سۆفی ئەوەیە، کە پاك بێتەوە لە پیسیەکانو پڕببێت لە تێگەیشتن، بۆ نزیکبوونەوە لە خوا دابڕدرێت لە خەڵكو لە بەرچاویدا زێڕو خۆڵ وەك یەك بێت[5].

-لەبارەی سۆفیگەرێتییەوە لە زوننونی میسرییان پرسی، وتی: سۆفیەکان کۆمەڵێکن، کە خوایان لە سەرووی هەموو شتێکەوە داناوەو خواش ئەوانی لە سەرووی هەموو شتێکەوە داناوە[6].

-بشری حافی دەڵێت: سۆفی ئەوەیە، کە دڵێکی خاوێنی لەبەرامبەر خوادا هەبێت[7].

-ئەبو تورابی نەخشەبی دەڵێت: سۆفی هیچ شتێك لێڵو پیس ناکاتو هەموو پیسیەکیش خاوێن دەکاتەوە[8].

لەم پێناسەو نمونانەدا تێکەڵیی و ئاوێتەبونێك لە نێوان پێناسەو چییەتی سۆفیگەرێتیی و کەسێتی سۆفیدا دەبینرێت، هۆکاری ئەو تێکەڵییەش جگە لەو هۆکارو راستییە بنەڕەتیانەی کە پێشتر باسمانکرد، وادەزانین دوو هۆکاری بەرجەستەتری هەیە:

یەکەم: لەبەرئەوەی سۆفیەکان باوەڕیان بە پەیوەستی لێکدانەبڕاوی زانستو کردارە، یان بیروباوەڕو کردارە، باوەڕیان وایە دەبێت کردار بناغەو پێوەری سەرەکی بێت[9]، ئەمەش لەوتەی سۆفیەکاندا بەئاشکرا باس دەکرێت:

زوننونی میسری دەڵێت: سۆفی ئەوەیە، کەچی بڵێت، هەمووی دەربڕی حاڵی خۆی بێت، شتێك نەڵێت، کە لەودا نەبێت، کە بێدەنگیش بوو، هەڵسوکەوتەکانی دەربڕی حاڵی ئەو بێت[10].

یان مورتەعیش دەڵێت: سۆفی ئەو کەسەیە، کە هیممەتی پێش هەنگاوەکانی ناکەوێت.[11] واتە بیروکرداری پێکەوە دەبن.

دووەم: ئەبێت سۆفی ئەو حاڵو سیفەتەی تێدابێت، ئەو کات باسی بکاتو هانی خەڵك بۆی بدات. ئەمەش لە خۆیدا گەر لەلایەنی ئەخلاقیو پەروەردەییەوە زۆر گرنگو بەبایەخ بێت، بەڵام لەلایەنی زانستیو مەعریفییەوە- کە پێناسەو چۆنیەتی شتی زیاتر لێرەدایە- دەبێتە کۆسپ، چونکە بەو پێیە سۆفی تا نەگاتە ئەزموونو پێگەیشتنی حەقیقەتێكو نەکردنی ئەو حەقیقەتە بەکردار نابێت باسی بکات، دیارە ڕوودانی ئەم پرۆسەو کارەش زەمەنو کار لەسەرخۆکردنی دەوێتو بەمەش دەربڕینی ئەو زانستو مەعریفەیە دوادەکەوێت، ئەگەر بەهۆی گرانی بەکردارکردنەوە وا ناکات هەر دواجار باسی لێوە نەکات.

ئەم پرۆسەی بەکردارکردنە، لای حەلاج دەگاتە


حەلاج

لوتکە، چونکە دەبینین لە ڕۆژی شەهیدکردنەکەیداو لەو کاتەدا کە بەقورسترینو درندانەترین شێواز هەوڵی کۆتاییهێننان بەژیانی دەدرێت، لەو کاتەدا (شبلی) کە لە نێو ئاپورەی خەڵکدایەو لێی نزیك دەبێتەوەو لە حەلاج دەپرسێت: سۆفیگەری چییە؟ حەلاج لەوەڵامدا دەڵێت: ئەمە کەمترین پلەیەتی کە بەچاوت دەیبینی؟!، (شبلی) بەسەرسوڕمانەوە دەڵێت: ئەی بەرزترین پلەی کامەیە، حەلاج دەڵێت: تۆ سەر لەو ڕێگایە دەرناکەیت![12].

**دووەم: تێکەڵکردن لەنێوان چییەتی حاڵو مەقامەکان لە لایەکو زاڵبوونی مەقامێكو بوونی بەپێناسە بۆ سۆفیگەری لەلایەکی ترەوە:**

وا دەزانین کۆسپێکی تری بەردەم هەوڵدان بۆ پێناسەکردنی سۆفیگەرێتی لەڕوانگەی ئەزموونی سۆفیگەرێتی سۆفیەکانەوە (نوسین-وتە-کردار) لەوەدایە، کە تێکەڵکردنێکی دیار لە نێوان چییەتی حاڵو مەقامەکاندا هەیە، کە بەهەردوکیانەوە سۆفیگەرێتی پێکدێت، بەڵام هاوکات دیاریکردنی سروشتی جیای هەریەکەشیان کارێکی گرنگو پێویستە (ئەم مەسەلەیە وەك ئەو هاوکێشەی دروستبونی ئاوە لە زانستی کیمیادا کە بەیەکگرتنی دوو گەردیلە هایدرۆجینو یەك گەردیلە ئۆکسجین ئاو پێکدێت)، بەڵام ئەوەش ڕاستییەکی زانستیو واقیعی بەرچاویشە، کە لەلایەك هەریەك لەو دوو ڕەگەزە سروشتی جیای خۆیان هەیە، لەم لاشەوە، ئاو، کە ئەگەرچی لەو دوو ڕەگەزەوە پەیدا دەبێت، بەڵام ئەمەش دووبارە سروشتێکی جیاوازی هەیە لە دوو ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی. سۆفیگەرێتی یان تەریقەت وەك زۆرینەی ڕەهای سەرچاوە سۆفیگەریناسەکان لەسەری هاوڕان، ئەوەیە کە لە حاڵو مەقامات پێکدێتو مەقامەکان بریتین لەو مەنزڵو پلەو پایەی، کە بەندە (مرۆڤ) بەهۆی ڕەفتارێکی تایبەتەوە پێیان دەگاتو لە ڕێگەی بەرگەگرتنی سەختیو نارەحەتیەوە بەدەستیان دەهێنێت[13]، واتە مەقام زیاتر بەدەستهێنەری (حصولی)یە، دەکرێ مرۆڤ لە مرۆڤێکی ئەزمونداراوە (شێخ، پیرو..هتد) وەریبگرێت، بەڵام حاڵ ئیکتیسابیو

وەرگـیراو نیـە، بـەڵکو زیـاتر جیلـوەو خـەڵاتێکی کـورت خایـەنی خوایـە، کـە خـوا لـە چرکەسـاتێکدا روناکیـەك دەخاتـە دڵـی مرۆڤـەوە، کـە بەهۆیـەوە بەرچـاو رۆشـن دەبێت بـەخودی مـرۆڤ خـۆی یـان لـە دەوروبەریـدا، حـاڵ وەك چـۆن هـاتنی زۆر جـار چاوەڕوان نـەکراوە، کۆتـایی هاتنیـشی لەدەسـتی مرۆڤـدا نییـەو ئەگـەری هەیـە لـە چرکەساتێکدا نـەمێنێت، بۆیـە بـۆ درێژبوونـەوەی (حـاڵ) مرۆڤ هەوڵـدەدات لـە رێگـەی مەقامەکانـەوە، کـە کۆمەڵـە قۆناغێکی پەروەردەیی قـوڵ‌و مرۆڤـی (سـۆفی) لـە قسەو کردەوەی ئەخلاقی خراپەوە بۆ قسەو کردەوەو ئـەخلاقی چاك دەبات‌و بردنی مرۆڤە لە خودەوە بۆ خـودا، ئەمـەش سۆفیەکان بـە(سلوك–تەریقـەت) نـاوی دەبـەن‌و کەسـی ئەزمونخوازیش بە(مورید، سالك، مسافر، سائر الی الله) نـاو دەبرێـت، لێـرەدا سـەرلەنوێ داڕشـتنەوەی مرۆڤـە بەسـیفاتە خوداییـەکان، سـەفەرکردنە بەپێـچەوانەی سـەفەری یەکـەمجاری ئـادەمیزاد– نـەفس (هێـزە شـەڕەنگێزەکانی نـاخی مـرۆڤ)– تـا ئـەو کاتـەی دەبێتـە مرۆڤێکـی کامـڵ، وەك عـارفی ئێرانـی شـێخ مـەحمودی شبستری دەڵێت:

**بعکس سیر اول در منازل**

**دود تا گردد او انسان کامل**

(بەپێـچەوانەی رۆیـشتن‌و سـەفەری یەکـەمی ژیـانی، بـەناو مەنزڵـەکان (مەقامـەکان)دا رادەکـات تـا دەبێتـە مرۆڤێکی کامڵ)

لێـرەوە دەکرێـت بڵـێین: تەریقـەت مەلەکردنـە بەئاراستەی پێچەوانەی شـەپۆلە تونـدەکانی نـەفس، لـە راسـتیدا کوشـتنی نـەفس‌و دونیاویـستی‌و نزمیـە بـۆ پاکبوونـەوەو شـیاوبوون بـۆ گەیـشتن بـە حەرەمـسەرای مەعشوقی حەق، هەر بۆیـە لـە سـەرەتاوە پێخستنە نـاو ئـاگرێکی سـوتێنەرە، بـەڵام دواجـار سـەردەرهێنانە لـە ئـاوێکی رۆشـنەوەو هـەر رێبوارێـك بەپێـچەوانەوە لێـی بڕوانێت‌و بـەئاوێکی مـەنگی تێبگـات سـەری لـە ئـاگرەوە دەردەهێنێت.[14]

ئەم پرۆسەی چـوون بـەرەو لـەدایك بـونێکی تـر، کـە مەلەکردنە دژ بەئاراستەی شەپۆلە تونـدەکانی نـەفس بـۆ گەیـشتن لـە خـودەوە بـۆ خـوا، ئەمـە زیـاتر لـە (مـەقامات)دایـە، بـەڵام وادەزانـین سـۆفیگەری وەك لـە سەرەتاوە دەرمانخست خولیای قوڵی مرۆڤە بـۆ گەیشتن بە بێ سنوری‌و ئازادی رەهـاو پـاکترین پـاکی‌و جـوانترین جوانی‌و بێ کۆتایی‌و ئەمە لە جەوهەری مرۆڤدایـەو دواتـر لەخودی‌و دەوروبـەری خۆیـدا نـاو بـەناو (جیلـوە)ی خـوا دەبینێت، واتە لە چرکە ساتێکدا خـوا روناکیـەك دەخاتـە دڵـی مرۆڤـەوە، کـە بەهۆیـەوە بەرچـاو رۆشـن دەبێـت بەحەقیقـەتێکی خـوایی لـە خـودی مـرۆڤ خـۆی یـان لـە دەوروبـەری، ئەمـەش راچـەناندنی رۆحـی مرۆڤـە، هـەر ئەمەشـە سـۆفیەکان بـە(حـاڵ) وەك باسمـانکرد نـاوی دەبەن، ئەمەش پنتی سەرەتاو دەتوانین بڵێین جەوهەری سۆفیگەرییە، چونکە زۆرینەی سۆفیەکان‌و عارفەکان بـەو راچـەنینە بەئاگاهاتونەتـەوەو دواتـر بـەدوای رێگایەکـدا گـەڕاون بـۆ درێـژەدان بـەو حاڵـە، بـۆ ئەمـەش رێگـای جۆراوجۆری راست یان هەڵەیان گرتۆتەبەر، بەڵام وەك لـە پێـشتردا باسمـانکرد زۆرینـەی قوتابخانـە عیرفانیـەکانی جیهان‌و لـە وانـەش سۆفیگەری‌و عیرفـانی ئیـسلامی بـەو راستیە گەیشتوون، کە مرۆڤ دەبێت بەکۆشش‌و رامهێنـان (ریاضە)ی نەفس‌و بڕینی قۆناغگـەلێك بـەوە دەگـات‌و بـۆ ئـەوەش رێنمـایی دروسـتی دەوێـت، کـە سـۆفیە ئیـسلامیەکان ئـەو رێنماییـەیان، وەك باسمـانکرد، لـە سەرچاوەکانی (قورئان)، ژیـانی پێغەمبـەر (د.خ)، ژیـانی هاوەڵان) بەپلەی یەکەم بینیوە.

هاوکـات پێویـستە بـزانین، کـە بـڕینی ئـەو قۆناغانـە (مەقامـەکان) بـەبێ بـەردەوامبوونی (حـاڵ) واتـە بـەبێ جیلـوە (تجلـی) بەخشـشە مەعنەویـەکانی خـوا ناکرێت، چونکە لەلایەك مرۆڤ بەبێ ئەو بەخشش‌و خەڵاتـە رۆحـی‌و مەعنەویانە ناتوانێت ئارام بگرێت لەسـەر سـەختیەکانی چـوون بـەرەو خـوا، کـە چـوونە بـەرەو مـرۆڤ بـوونی راستەقینە، لەلایەکی ترەوە دەرککردن‌و پێگەیـشتن لـەو قۆناغانەدا بەبێ (حاڵی) خوایانەو بەخشش‌و مەعنـەویاتی

ناو بەناوی خوایانە ناکرێت، ئەمە هەموو سۆفی‌و عارفەکان بەشێوەی جۆربەجۆر باسیانکردووە(15). لێرەوە دەبینین بەتێکەڵی باسکردنی حاڵ‌و مەقامەکان لە پێناسەی سۆفیگەرێتی‌و بوارەکانی تریشدا کارێکی وردەکارانە نییە.

لێرەدا نمونە بەوتەیەکی جونەیدی بەغدادی، کە یەکێکە لە سۆفییە هەرە گەورەکانی سۆفیگەری ئیسلامی دەهێنینەوە، شێخ جونەید وتویەتی: سۆفی ئەوەیە، کە دڵی ئەو وەك دڵی ئیبراهیم لە دۆستایەتی دونیا سەلامەت بێت‌و جێگەی شیاوی فەرمانی خودا بێت، گوێڕایەڵی‌و تەسلیمبوونی گوێڕایەڵی ئیسماعیل بێت، حاڵ‌و نرکەی حاڵ‌و نرکەی داودبێت، هەژاری ئەو هەژاری عیسا بێت‌و ئارامگرتنی ئەیبوب، شەوق‌و تامەزرۆیی بۆ دیداری خوا شەوق‌و تامەزرۆیی موسا بێت لە کاتی چپەو وتوێژو مناجاتدا لەگەڵ خوا، پوخت بوونەوەو یەکلاییبوونەوە (اخلاص)ی بۆ خوا، پوخت بوونەوەو یەکلاییبوونەوەی موحەمەد (د.خ) بێت.(16)

دەبینین لەم وتە بەرزو بەنرخەدا جگە لە تێکەڵکردنی چییەتی سۆفیگەرێتی‌و کەسێتی سۆفی، مەقامەکان بوون بەپێناسە بۆ سۆفیگەری، چونکە سەلامەتبوونی دڵ لە دونیا زیاتر مەقامی زوهدە، گوێڕایەڵی جگە لەوەی سەرەتای چوونە نێو مەقامەکانە هەندێك لە سۆفیەکان بەمەقامێکی دادەنێن، حاڵ‌و نرکەی داود ئەبێت بەردەوام وەك وتمان لەگەڵ مەقامەکاندا هەبێت، هەژاری وەك عیسا بێت (هەژاری مەقامە)، ئارامگرتنی وەك ئەییوب دووبارە ئارامگرتن مەقامە، شەوق بۆ دیداری خوا دوبارە مەقامە (مەقامی فەنا لە خوادا)، پوخت بوونەوەو یەکلاییبوونەوە وەك محەمەد (د.خ) ئەمەش واتایەکی گشتییە، کە سەرجەم مەقامەکان تێیدا جگەی دەبێتەوە.

لایەنێکی تری گرفتەکە وەك باسمانکرد، زاڵکردنی مەقامێك‌و بوونی بەپێناسەیە بۆ سۆفیگەری، ئەمەش وەك پێشتر باسمانکرد زیاتر لەوەوە روودەدات، کە سۆفی خۆی کاتێك باسی ئەزموون‌و مەقامێك دەکات، کە بەکرداری خۆی پێیگەیشتبێت، یان هەندێ جار بەپێی سروشتی بەرامبەرەکەی (مورید)، کە پێویستی بە چ رێنماییەکە (ارشاد)ێك هەیە بەپێی ئەوە دەدوێت(17) ئەمەش گەر لە رووی پەروەردەییەوە زۆر بەنرخ‌و گرنگ بێت، بەلام لە رووی زانستییەوە کۆسپە لەبەردەم ناسین‌و پێناسەکردنی سۆفیگەرێتی‌و عیرفاندا، بۆ ئەم حاڵەتەش چەند نمونەیەك دەهێنینەوە، کە زاڵکردنی مەقامێك‌و بوونی بەپێناسە بۆ سەرجەم سۆفیگەرێتی دەسەلمێنێ:

شبلی دەڵێت: سۆفیگەری خۆپارێزییە لە بینینی شتە مادیەکانی دونیا.(18)

هەروەها دەڵێت: سۆفی لە هەردوو دونیادا جگە لە خوا هیچی تر نابینێ.(19)

سوفیانی سەوری دەڵێت: سۆفی سیفەتی ئارامگرتنە لەسەر نەبوونی‌و بەخشینە لە هەبووندا. لەم وتە بەرزو بەنرخانەی ئەو سۆفیە گەورانەدا، دەبینین زیاتر مەقامێك بووە بەپێناسە بۆ سۆفیگەری، بەنموونە لەوتەی یەکەمی ئیمامی شبلیدا زیاتر مەقامی (زوهد) بووە بە پێناسە، بەلام لەوتەی دووەمیدا زیاتر مەقامی (فەنا) بووە بەپێناسە، چونکە لەفەنابوونا بەهۆی نەمانی هەستی سالك (سۆفی) بەهۆی کاریگەری دەستگرتنی حەق (خوا) بەسەر ناخ‌و ناوەوەی ئەودا روودەدات، ئەمەش زیاتر عیرفانە نەك سۆفیگەری وەك دواتر بیست‌و حەوت بەشی باس دەکەین. هەروەها وتەکەی سوفیانی سەوری زیاتر مەقامی ئارامگرتن (صبر) –کە یەکێکە لە مەقامە سەرەکیەکانی سۆفیگەرییە– کردوە بەپێناسە بۆ سۆفیگەری.

**سێیەم: تێکەڵی لە نێوان سۆفیگەری‌و عیرفان.**

ئەمەش یەکێکە لەو کۆسپە زانستیانەی، کە وادەزانین، لە خۆیدا رێگرە لەبەردەم توانینی پێناسەکردنی سۆفیگەریدا، ئەمەش بەهۆی ئەوەوەی، کە لەلایەك کەسی ئەزموندار (سۆفیەکان) وەك پێشتر باسمانکرد، بەهۆی بایەخدان بەحاڵی خۆی‌و رەچاوی لایەنی پەروەردەیی خۆو خەڵك هێندە چاوی لە سەر وردەکاری زانستی نییە. لەلایەکی تریشەوە سروشتی

سۆفیگەریو عیرفان لە خۆیدا هێندە تەنكو ناسكو ئاویانەیە، كە خاڵو سنوری تێكەڵبوونی ئەو دووانە زۆر بەئاستەم دیاری دەكرێت، بەتایبەتی كە زۆر جار سەرچاوەی دووەم (عیرفان) هەر لە یەكەمەوە (سۆفیگەری) هەڵدەقولێت یان هەندێ جار بەپێچەوانەوە دووەم (عیرفان) دەبێت بەسەرچاوەو شەپۆلەكانی دەدات بەسەر یەكەم (سۆفیگەری)داو سروشتی خۆی بەسۆفیگەری دەبەخشێتو هەر خودی ئەم جوڵەو شەپۆلە هاوبەشە زیندوانە هەردوولا لە مەنگیو مردن دەپارێزێتو ژیانی جاویدانی بۆ دەستەبەر دەكات. بەڵام ئەمەش ئەو حەقیقەتە رەتناكاتەوە، كە ئەم دوانە هەریەكە چەندین سیماو جەوهەری جیاكەرەوەی خۆیانیان هەیەو توێژەری وردو ئەزمونكەر دەتوانێت، دەركی غەوری بەشێك لەو جیاوازیانە بكات.

لێرەدا سەرنجێكی گرنگ بەپێویست دەزانین، هێندەی سەرنجمان داوە، لە ناو توێژەرە عەرەبەكانداو لە سەرچاوە عەرەبیەكاندا باس هەر باسی سۆفیگەرییەو بەدەگمەنی دەگمەن زاراوەی (عیرفان) دەبینین، بەڵام لای توێژەرەوە فارسەكانو سەرچاوە فارسییەكان زیاتر زاراوەی (عیرفان) بەكاردەهێنرێت، هاوكات زاراوەی (سۆفیگەری) بەكاردەهێنرێتو باسی سۆفیگەریش دەكرێت، بەڵام زیاتر زاراوەی عیرفان بەكاردەهێنرێت، وەك لە ناونیشانی كتێبدا زۆر جار بۆ سۆفیگەریو مێژووی سۆفیگەری زاراوەی (عیرفان) بەكاردەهێنرێت[20].

ئەبولحەسەنی نوری دەڵێت: سۆفی لای سۆفیەكان بەوە دەوترێت، كە (نەفس)ی خۆی فەناكردووەو مانەوە (بقاء)ی لەگەڵ خوادایە، پوختبووەتەوە لە سروشتەكانی (طبایع)و پەیوەستە بەحەقیقەتی حەقیقەتەكان (خوا)وە.[21]

شبلی دەڵێت: سۆفی لە هەردوو دونیادا جگە لەخوا هیچی دیكە نابینێ.[22]

لەوتەكانی ئەو دوو سۆفیە گەورەدا راستتر عارفە گەورانەدا، تێكەڵی سۆفیگەریو عیرفان بەڕوونی دەبینرێ، لەوتەی یەكەمدا، ئەگەرچی وتراوە لای سۆفیەكان بەوە دەوترێتو -زیاتر وەك گواستنەوەی وتەكانی ئەو وتراوە-، بەڵام باسی (فەنا)و (بەقا) كراوە، كە ئەمە ئەگەرچی زۆرێك لە سۆفیەكان، بەدوا پلەی سۆفیگەری دادەنێن، بەڵام راستەكەی ئەوەیە، كە ئەمە عیرفانە، بەڵام بەهۆی ئەوەی وەك تەواوكەرێكی ئەو مەقامانە دێت، كە مورید یان سۆفی بۆ پێگەیشتنی دەیبڕێت، لەو ریزەدا دانراوە، وەگەرنا (فەنا) بوون، مەحووبوونەوەی بەندەیەو سڕینەوەی خودە، واتە نەمانی سیفاتە مرۆییەكانو وەرگرتنی سیفاتە خوداییەكانە، لەم بارەدا مرۆڤ لەهەموو شتێك -نەك مەقامەكانو قۆناغ بەندیو بەرنامەڕێژی- بەڵكو لە خودی خۆشی دابڕاوەو تەنها خوا دەبینێ، ئایا ئەمە، كەی دروستە بەقۆناغو مەقامێكی سۆفیگەری دابنرێت! ، ئەم هەڵەیەش وەك پێشتر باسمان كرد لەوەوە روودەدات، كە لە خاڵێك سنوری سۆفیگەریو عیرفان هێندە تەنكو ناسكو ئاوییە، كە جیاكردنەوەیان دژوارە، بەڵام پێشتر وتمان كۆتایی سۆفیگەری سەرەتای عیرفانەو سەرەتای عیرفان كۆتایی سۆفیگەرییە، ئەمە بەڕەچاوكردنی ئەوەی، كە وتمان، ئەم دوانە كارلێككردنی پێچەوانەیان لە سەر یەكتر هەیەو ئەمە دواتر لە باسێكی جیاواز لەبارەی سۆفیگەریو عیرفاندا لێیدەدوێن. هەروەها هەر خودی ئەبولحەسەنی نوری خۆی بەیەكێ لەتیۆریزەكەر (منطر)ەكانی بیری (فەنا) دادەنرێت، كە وەك وتمان ئەمە عیرفانە، راستە لەو وتەدا ئاماژە بەسۆفیگەری كراوە، كە دەڵێت پوخت بووەتەوە لەسروشتەكانی (طبایع) ئەمە دیارە، كە ئاماژەیە، بە(نەفس)، كە سۆفی دەبێت پوخت ببێتەوە لە ئارەزووە خراپەكانیو ئەمەش جەوهەری سۆفیگەرییە، بەڵام ئەوەی كە دواتر دەڵێت پەیوەستە بە حەقیقەتی حەقیقەتەكان (خوا)وە، ئەمە عیرفانە، چونكە جەوهەری عیرفان بریتییە لە خواو تەنها خوابینی، بەڵام دەبینین لێرەدا چەمكەكان تێكەڵبوون.

هەر بەپێی ئەو رونکردنەوانە، لەسەر واتەکەی ئەبولحەسەنی نوری کردمان ئاشکرا دەبێت، کە وتەکەی ئەبوبەکری شبلی (سۆفی لە هەردوو دونیادا جگە لەخوا هیچی دیکە نابینێ) ئەمەش دەچێتە خانەی تەنها خوابینی، کە عیرفانەو زۆرتر بۆنی ئەو بیرەی لێدێت، کە دواتر بەیەکێتی بوون (وحده الوجود) ناونراوەو ئەمەش دووبارە عیرفانە نەك سۆفیگەری.

**چوارەم: لاستیکیەتی (مطاطیة) وشەو زاراوەکانو یاریکردنیان لە نێوان ئاستەکانی شەریعەتو سۆفیگەری عیرفاندا.**

یەکێك لە گرفتەکانی تری بەردەم توانینی پێناسەکردنی سۆفیگەریو عیرفان لاستیکیەتی وشەو زاراوەکانیەتی، ئەمەش زیاتر بەهۆی یاریکردنیان لەنێوان ئاستەکانی شەریعەتو سۆفیگەریو عیرفاندا، یان بەزمانی پۆلێنکردنی سۆفیگەری خۆی بڵێین (شەریعەتو تەریقەتو حەقیقەت)، ئەمە جگە لە جیاوازی نێوان هەر یەکە لە شوێنکەوتوانی ئەو سێ بوارە لە نێوان خۆیاندا. بۆ نموونە وشە یان زاراوەی (تۆبە) دەهێنین، کە یەکێکە لە مەقامەکانی سۆفیگەریش، تۆبە لە شەریعەتدا ئەوە دەگەیێنێ، کە گوناهکار دەست لەو کارە هەڵبگرێت، هەروەها پەشیمان بێت لە ئەنجامدانی کارەکە، بڕیار بدات نەگەڕێتەوە سەر ئەنجامدانی، مافی ئەو کەسەش بگێڕێتەوە، کە بەو گوناهەی زەوتی کردووە.[23]

بەڵام (تۆبە) لای سۆفیو عاریفەکان، کە خۆشیان پابەندی شەریعەتنو بەو قۆناغانەشدا تێپەڕبوون، واتای تر وەردەگرێت. بەنموونە لە بارەی تۆبەوە لە جونەیدی بەغداد یان پرسی، لە وەڵامدا وتی: ئەوەیە، کە گوناهەکەت لە بیر بکەیت![24]. بەڵام سەهلی کوڕی عەبدوڵڵای تەسەتوری هەر بەتەواوی بەپێچەوانەی جونەیدەوە دەڵێت: تۆبە ئەوەیە، کە گوناهەکەت لەبیرنەکەیت![25]، کەچی رووەیم دەڵێت: تۆبە ئەوەیە، کە تۆبە بکەیت لە تۆبە! تا دەگاتە ئاستێك ئەبولحەسەنی نوری دەڵێت: تۆبە ئەوەیە، کە تۆبە بکەیت لە یادکردن (ذکر)ی هەموو شتێك جگە لە خودا[26].

بێگومان لێرەدا ئەم وتە جیاوازانەی، کە دەگەنە ئاستی دژایەتی رەنگە هەندێك لە وتەکانیش-بەنموونە وتەکەی رووەیم- بەیاریکردن بەوشە زیاتر بەهیچی دیکەی نەزانین، بەڵام بەوردبوونەوەو قوڵبوونەوە لە وتەکان بۆمان دەردەکەوێت، کە مەبەستی جونەید لە وتەکەی (تۆبە ئەوەیە، کە گوناهەکەت لەبیر بکەیت)، کە چێژو خۆشی ئەو گوناهەی، کە کردووتە لە دڵتدا دەربکەیت، بەجۆرێك هیچ ئاسەوارێکی نەمێنێو وات لێبێت، کە هەرگیز گوناهت نەکردوە. بەڵام سەهلی کوڕی عەبدوڵڵای تەسەتوری، کە دەڵێت (تۆبە ئەوەیە، کە گوناهەکەت لە بیر نەکەیت)، ئەم مەبەستی روونە، کە تۆ ئەو گوناهو تاوانەی، کە کردوتە لەبیری مەکە، تا نەگەڕێیتەوە بۆ گوناهکردنەکە.

وتەکەی رووەیمیش (تۆبە ئەوەیە، تۆبە بکەیت لە تۆبە)، مەبەستی ئەوەیە، کە تۆبە ئازادانە خۆت تۆبەت کردووە، دە ئازاش بە لە پوختبوونەوەو دامەزراویدا تا جارێکی تر گوناهەکە نەکەیتەوەو دووبارە تۆبە بکەیتو بۆیە تۆبە بکە لە تۆبە. ئەبولحەسەنی نوریش کە رای وایە (تۆبە ئەوەیە کە تۆبە بکەیت لەیادکردن (ذکر)ی هەموو شتێك، جگە لەخوا)، واتاکەی روونە، کە ئەم عارفو سۆفییە گەورە واتای تۆبە زۆر فراوان دەکاتو یادکردنی هەموو شتێك جگە لەخوا بەگوناه دەزانێو دەبێت تۆبەی لێ بکەیت. لێرەدا جگە لە رونبوونەوەی واتای وتەکانی ئەو سۆفیو عارفە گەورانە، وا دەزانین چەند مەسەلەیەکی گرنگ بەدیار دەکەوێت:.

1.لەو چوار وتەیەدا، نزیکیەك لە نێوان دوو وتەکەی سەهلو رووەیم لەلایەکو دوو وتەکەی جونەیدو ئەلنوری لەلایەکی ترەوە دەبینرێت. سەهل کە دەڵێت (تۆبە ئەوەیە، کە گوناهەکەت لەبیرنەکەیت)، وەك باسمانکرد مەبەستی ئەوەیە، کە هەمیشە گوناهەکەت لە بیر بێت تا بەئاگابیتو نەکەویتەوە ناو گوناهەکە، رووەیمیش کە دەڵێت (تۆبە ئەوەیە، کە تۆبە بکەیت لە تۆبە) دووبارە

ئەمیش مەبەستی ئەوەیە، کە تۆبەت کردوە ئیتر بەئاگابەو نەگەڕێیتەوە بۆ گوناه تا ئەمەش تۆبە بێت لەتۆبەکردنێکی تر. ئەم دوو وتەیەش بەتایبەتی وتەکەی سەهل زۆر نزیکترە لە شەریعەتەوە، کە هەموو مەرجەکانی تۆبە لەویێ پەیوەستە بەلەبیرنەکردنی گوناهەکە، هاوکات هەردوو وتەکە زیاتر دەچێتە خانەی سۆفیگەریو مەقامی تۆبەوە، بەپێچەوانەی دوو وتەکەی جونەید (تۆبە ئەوەیە کە گوناهەکەت لە بیربکەیت)و وتەکەی ئەلنوری (تۆبە ئەوەیە، کە تۆبە بکەیت لە یادکردنی هەموو شتێك جگە لەخوا)، ئەم دوو وتەیە دوورن لە واتای تۆبەوە وەك لە شەریعەتدا هاتووە، بەلاّم دژی ئەو واتایەش نین، بەلّکو ئەمان لە ئاستێکی بلّندتری، ئایینیدا (عیرفان) قسە دەکەن. ئەوە لە عیرفاندایە، کە چێژوو خۆشی نزیك بوونەوە لەخواو خۆشەویستی خوا وات لێدەکات هەموو چێژوو خۆشیەکی ترت لە بیردەباتەوەو بەئاستێك دەگەیت، کە خودی خۆشت لە بیردەکەیتو تەنها خودی خوا دەبینی، کە ئەمەش وەك پێشتر باسمانکرد (فەنا) بوونەو عیرفانە، بەلاّم وتەکەی ئەلنوری بەڕوونی چووەتە ئاستی عیرفان، کە لەوێدا مرۆڤ جگە لە لەیادبوونی خوا هیچی دیکەی– تەنانەت قۆناغەکانی سۆفیگەری (مەقامات) کە تۆبە یەکەم مەقامیەتی– لەبیری دەکات، بۆیە لەوێدا تۆبە دەکات لەتۆبە.

ئەم جیاوازی بۆچوونەش وەك پێشتر باسمانکرد بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە سۆفیو عارف خۆی بەچ ئەزموونو مەعریفەو قۆناغێك گەیشتووە باس لەوە دەکات ئەمەش زیاتر عرفانە، بەلاّم بەڕەهایی نا، یان سۆفیو عارف رەچاوی حالّی پرسیارکەرەکە دەکاتو بەو پێیە وەلاّم دەداتەوە، کە ئەمەش زیاتر رەچاوی لایەنی پەروەردەییەو ئەمەش زیاتر دەچێتە نێو سۆفیگەری، بەلاّم بەڕەهایی نا.

2.دوو وتەکەی سەهلو روەیم، کە پێ لەسەر ئاگایی دادەگرن زیاتر دەچنە ژێر زاراوەی ئاگایی (صحو)ی سۆفیانە، کە سۆفی زۆر بەئاگایانەو بەهۆشەوە مامەلّە دەکات، کە ئەمە زیاتر دەچێتە خانەی سۆفیگەری، بەلاّم بەڕەهایی نا، بەلاّم دوو وتەکەی جونەیدو ئەلنوری دەچنە ژێر زاراوەی مەستی (سکر)ی سۆفیانە، کە سۆفی لێرەدا مەستی زالّ دەبێت بەسەر هۆشو ئاگاییداو بەهۆی هەست بەگەرم بوونەوە (اصطلام)[27] بەنزیکەیی لەخوا مەست دەبێتو دەگاتە ئاستێك هەموو هەوالّ (خبر)ێکی لەبیردەچێ، واتە هەوالّدانو مەعریفەدانو پەروەردەکردن لە بیردەکات، ئەمەش ئاست ئاستەو دەکرێ لە هەندێ ئاستدا هۆشو ئاگایی بینینی بۆ دروست ببێتەوە، بەلاّم ئەم بینینە جیاوازە لە بینینەکانی تر. ئەم حالّەتی مەست بوونە– ئەگەرچی زۆرینەی سەرچاوەکان لە ناو سۆفیگەریداو لەگەلّ ئاگایی (صحو)دا باس دەکەن– بەلاّم وادەزانین زیاتر دەچێتە خانەی عیرفان، بەلاّم بەڕەهایی نا.

3.وەك پێشتر وتمان سروشتی سۆفیگەریو عیرفان هێندە ناسكو ئاویانەیە، کە خالّو سنوری تێکەلّبوونیان زۆر بەزەحمەت دیاری دەکرێت، بەتایبەتی کە زۆر جار سەرچاوەی دووەم (عیرفان) هەر لەیەکەم (سۆفیگەری)ەوە هەلّدەقولّێ، یان هەندێ جار دووەم (عیرفان) دەبێت بەسەرچاوەو شەپۆلەکانی دەدات بەسەر یەکەم (سۆفیگەری)داو سروشتی خۆی بەسۆفیگەری دەبەخشێت. بەلّگەی ئەم وتەی دواییشمان هەر ئەو دوو وتەیەی جونەیدو ئەلنورییە. چونکە زۆرینەی رەهای سۆفیەکان لەسەر ئەوە کۆکن، (تۆبە) یەکەمین یان یەکێك لە مەقامە هەرە یەکەمینەکانی سۆفیگەرییەو ئەوەش راستە، بەلاّم ئەم مەقامە جارێکی تر لە عیرفانەوە شەپۆلێکی رۆشنو رۆشنکەرەوە دێتو واتایەکی نوێترو بلّندتری پێ دەبەخشێت: (تۆبە ئەوەیە گوناهەکەت لەبیر بکەیت)، (تۆبە ئەوەیە، کە تۆبە بکەیت لە یادکردنی هەر شتێك جگە لەخوا).

بەلاّم دواجار سەرجەم ئەم حالّەتە (لاستیکیەتی وشەو زاراوەکانو یاریکردنیان لە نێوان ئاستەکانی شەریعەتو سۆفیگەریو عیرفاندا)، ئەگەر لە روویەکەوە کۆسپێك بێت لە بەردەم پێناسەکردنی سۆفیگەریو

عیرفانـدا، بـەڵام هاوکـات گـەورەترین بەڵگەیـە لەسـەر زیندوویەتیو دەوڵەمەندیو ژیانی ئەوانو هەر خودی ئـەو جوڵـەو یـاریکردنو شـەپۆلدانەیە لـە مـەنگیو مـردن دەیانپارێزێتو هەر بەژیانی دەیانهێڵێتەوەو ناهێڵێت بـبن بەچـیرۆکی ژیـان. ئـەم راسـتیەش سـەبارەت بـەو مەسـەلانەی، کـە ئێمـە لـە رووی ئـەکادیمیو پێناسـەکردنەوە بەکۆسـپمان دانـان راسـتەو هـەر خـودی (تێکەڵی لە نێوان سۆفیگەرێتی وەك چییەتیو سۆفی وەك کەسێتی) یـان (تێکـەڵکردن لـە نێـوان چـییەتی حـاڵو مەقامەکان لە لایەكو زاڵبوونی مەقامێكو بوونی بەپێناسە بۆ سۆفیگەری لەلایەکی ترەوە)، یان (تێکەڵی لـە نێـوان سـۆفیگەریو عیرفـان) بەڵگەیـە لەسـەر زیندوویـەتیو دەوڵەمەندی شەریعەتو سۆفیگەریو عیرفان.

دواجار کۆی ئـەم هـەموو گفتوگۆو زانینی سروشـتو حەقیقەتی ئاستەکانی سۆفیگەریو عیرفانو قسەکردن لە سـنورەکانی تێکـەڵبوونو سـنورەکانی جیابوونـەوەیان گـەورەترین هۆکـاری نزیکەوتنـەوەمانن لـە چـییەتیو پێناسەی سۆفیگەریو عیرفان.

بەڵام دواجار دەرکـەوت، کـە دەسـتپێکی سـۆفیگەری زیاتر حاڵە یان راستر بڵێن ئەزموون (تجربـە)ە، چـونکە، وەك وتمان مرۆڤ لە ناخیدا بەدوای رەهاییو بـیّ کۆتـاییو بەختـەوەری رەهـاو جـوانترین جـوانو پـاکترین پاکـدا دەگـەڕیّ، کـاتێکیش جلوەیـەك (تجلـی) ئـەو زاتـەی کـە خاوەنی ئەو شتانەیە (خوا) لە شتێکدا لـە بەرچـاوی یـان لـە رۆحیـدا دەردەکـەوێتو ئـەو خولیـاو هێزانـەی نـاخی رادەچەننو لە چرکەساتێکدا لەگەڵیـدا ئاوێتـە دەبـن وەك ئەوەی پارچەیەکی خودی بۆ گەڕابێتەوە، بـەڵام کـە ئـەم نەشئەو چێژی چاویدانییە وەك سروشتی خۆی زوو گوزەر دەکـاتو کـورت خایـەن دەبێـت، ئـەوکات مـرۆڤ (ئەزمونکـەر–سۆفی) وەك باسمـانکرد بـۆ درێـژەدان بـەو حاڵە بیر لـە تەریقـەتو مـەقامات دەکاتـەوەو بـڕینی ئـەو قۆناغانەش دەبێت بە(تـاکی) ببڕێـت– ئەگەرچـی زۆرجـار لــە ژێــر چــاودێری وردی رۆحانیــەکی گــەورەدا، کــە سۆفیگەری، بەشێخ یان پـیر یـان قوتـب نـاوی دەبـەن– دەبێت خـۆی ئـەزمونیان بکـاتو بـڕینی ئـەو قۆناغانـەو مەقامانەش بەبیّ (حاڵ) واتە بەخششی رۆحیو رۆشـنایی خوایی ناکرێت، کـەوابیّ زانستەکان بونیـان هەیـەو رۆڵـی رێنماییکـەر دەبینێـت، بـەڵام تـەنها ئـەو کـات دەبـیّ بەزانـستێکی سـەلمێنراو لای کەسـی ئەزمونکـەر (سـۆفیو عارف) کە خۆی ئەزموونی بکـات، هاوکـات لـەو پرۆسـەی ئەزمونکردنەدا زانستی نوێتر لەلای پەیدا دەبێتو ئەمەش زیاتر (عیرفانە)و بەمـەش پرۆسـەکە پرۆسـەیەکی زینـدوو دەبێتو بەڵکو ژیانترین بەشی ژیانە.

**پەراوێزەکان:**

1.جگـە لەسـۆفیەکان، کـە لـە کۆنـەوە پێیـان وایـە لەمپەڕە مەعنەویەکانی وەك خۆبەگـەورەزانینو ئیرەیـیو ریاو..هتد. لەمپەڕن لەبەردەم گەیشتنی مرۆڤدا بـەخولیا باڵاکـان، هاوکـات لـەم سەردەمەشـدا هەنـدێك لەوانـە نوسەری گـەورەی ئێرانـی د.عـەلی شـەریعەتی پێـی وایـە هونەر هەندێك جار هەوڵدەدات تێنوێتیو خولیای مرۆڤ بۆ ئـایینو رۆحانیـەت پڕبکاتـەوەو بەمـەش دەبێتـە لەمپـەڕ لەبـەردەم مرۆڤـدا. لـەم رووەوە بڕوانـە د.علـی شـریعتی عرفان–برابری– ازادی، انتشارات مدرس، لا53.

2.بڕوانە القشیری (ابو القاسم عبدالکریم بـن هـوازن)، ترجمەی رسالەی فشیریە، ترجمەی بدیع الزمان فروزانفر، چاپ چهارم، شـرکت انتـشارات علمـیو فرهنگـی، تهـران، 1374، لا84.

3.هەمان سەرچاوە، لا91.

4.ئاماژەیە بەچیرۆکی موسا پێغەمبـەر لـە سـورەتی (طه) ئایەتی(41).

5.فرید الدین عطار، تذکرة الاولیاء، تـصحیح د.محمـد اسـتعلامي، چـاپ سـوم، انتـشارات زوار، تهـران 1360، لا317.

6.د.عبدالرحمن بدوی، تاریخ تصوف از اغاز تاپایـان سده دوم هجری، ترجمه: محمود افتخاز زاده، چـاپ اول، دفتر نشر معارف اسلامی، قم، 1375، لا44.

7.القشیری، سەرچاوە پێشوو، لا473.

8.د.عبدالرحمن بدوی، سەرچاوەی پێشوو، لا49.

9.عطار، سەرچاوەی پێشوو، لا150.

10.ابو الحسن الهجویری، کشف المحجوب، تصحیح ژکوفسکی، چاپ چهارم، انتشارات طهوري، چاپ چهارم، 1375، لا44.

11. عطار، سەرچاوەی پێشوو، لا592.

12.لاهیجی، شرح گلشن راز، لا50.

13.د.سید جعفر سجادی، فرهنگ اصطلاحات وتعبیرات عرفانی، چاپ پنچم، انتشارات طهوري، تهران، 1379، لا121).

14.ئەکرەم عەنەبی، عیرفانی پراکتیکی (سلوك، تەریقەت، قۆناغو مەرجەکانی)، گۆڤاری هەژان، ژ18-19، ساڵی 2006، لا15.

15.نمونەی ئەو وتانە لەسەرچاوە متمانە پێکراوەکانی سۆفیگەریدا، کە بەشێکیان پێشتر ئاماژەمان پێکرد هەیە.

16.عطار، سەرچاوەی پێشوو، لا81.

17.وا دەزانین ئەمە یەکێکە لە سیفەتە دیارەکانی پێغەمبەر (د.خ)و پەیڕەوەردکارانی راستەقینە، بۆیە دەبینین پێغەمبەر یەك جۆر پرسیاری لێ دەکرێت، بەڵام وەڵامەکانی جیاوازە، بەنموونە کەسێك لێی دەپرسێت: چ کارێك باشترینە؟ دەفەرموێ: کردنی نوێژەکان لە کاتی خۆیدا، هەمان پرسیار گەنجێك لێیدەکات دەفەرموێ: باش بوون لەگەڵ دایكو باوکدا. بڕوانە الصحاح التسعه، لا104.

18.القشیری، سەرچاوەی پێشوو، لا127.

19.هجویری، سەرچاوەی پێشوو، لا44.

20.بۆ نموونە لەناو فارسەکاندا کتێبی (تاریخ عرفان، عارفانی ایرانی، عبدالرفیع حقیقت (رفیع) باسی سۆفیگەری زیاتر کردووە کەچی بەعیرفان ناوبراوە، یان (شناخت عرفانو عارفان ایرانی، د.علی اصغر حلبی) بەهەمان شێوە.

21.هجویری، سەرچاوەی پێشوو، لا40.

22.هەمان سەرچاوە، لا44.

23.مەرجەکانی تەوبە لەفەرموودەیەکی پێغەمبەردا (د.خ) هاتووە، بڕوانە الصحاح التسعه، لا205.

24.بڕوانە السراج الطوسي، اللمع، تحقیق الدکتور عبدالحلیم محمود وطە عبدالباقی سرور، القاهرە، 1960، لا68.

25.هەمان سەرچاوە، لا68.

26.هەمان سەرچاوە، لا68.

27.(اصطلام) واتە گەرم بوونەوە لای سۆفیەکان بەو واتایە دێت، کە سۆفی لەحاڵی رۆحیدا هەست بەنزیکبوونەوەو گەرمبوونەوە دەکاتو ئەمەش لەچیرۆکی موسا پێغەمبەرەوە هاتووە، کە لە کۆچی گەڕانەوەیدا لەدۆڵی مەدیەنداو لەشەوێکی تاریك رۆشناییەکی بینی، وتی (انی انست نارا لعلی اتیکم منها بقبس او جذوه من النار لعلکم تصطلون- واتە دەچم بۆ لای ئەو روناکییە تا بەڵکو پریسکە ئاگرێك بهێنم بۆ روناکی یان بۆ خۆگەرمکردنەوە)، بەڵام دواتر وەك لەقورئاندا هاتووە ئەو رۆشناییە رۆشنایی جیلوەی خودا دەبێت. لەم رووەوە بڕوانە سورەتی (طه).